# هونراوەی ونبووەکان

شیعری ئەحمەد مەتەر
و. جەلال دەباغ

سەرۆکی باوەڕپێکراومان
هاتەسەردانی
هەندێ پارێزگای نیشتیمان
کە هاتە سەردانی گەڕەکمان
پێی گوتین:
هاونیشتیمانان..!
کوا.. سکالاتان بێنن
بە راستی و بە ئاشکرا
ئیتر ئەو رۆژگارە نەما..
نابێ لە هیچ کەس بترسن..

*   *   *

حەسەنی برادەرم
گوتی گەورەم
کوا نان و ماست؟
کوا نیشتەجێ؟
کوا پیشەو کار؟
کوا دەرمانی بەخۆڕایی
بۆ نەخۆشمان؟

گەورەم..قوربان
بە نهێنی یان ئاشکرا

نەماندیوە شتێکی وا
سەرۆکی باوەڕپێکراو
گوتی:
خودا جەستەم بسوتێنێ..
لە وڵاتی من، ئاوایە؟!
سوپاس بۆ راستگۆییت کوڕم
کەوا ئاگادارت کردم
هەر سبەینێ
هەموو وڵات
خێردەبینێ
* * *
دوای ساڵێک، سەردانی کردین
بۆ دووەم جارو پێی گوتین:
کوا سکاڵاتان بێنن
بە راستی و بە ئاشکرا
ئیتر ئەو رۆژگارە نەما..
نابێ لە هیچ کەس بترسن..
خەڵکی سکاڵایان نەکرد
من هەستام و ئاشکرامکرد:
کوا نان و ماست؟
کوا نیشتەجێ؟
کوا پیشەو کار؟
کوا دەرمانی بەخۆڕایی
بۆ نەخۆشمان؟
گوتم گەورەم..
ببورەلێم..
کوا حەسەنی برادەرم؟؟